# گیۆرگ ویلهۆڵم فریدریش هیگڵ

ن:رامین جەهانبەگلوو
و: عەتا جەماڵی



هیگڵ و شلینگ فەیلەسووفی دوو قۆناغی ئایدیالیزمی پاش کانتن. هیگڵ یەکێک لە نەزم ئەندێشترین ئایدیالیستەکانی پاش کانتە کە هەوڵددات لە دەق و وتارەکانیدا سیستەمێکی هەمەگیر و ڕێسامەندی ئیگزیستانسیالیستی لە ڕووی لۆژیکییەوە دامەزرێنێت. ڕەنگە زیاترین ناوبانگی هیگڵ بگەڕێتەوە بۆ ڕوانگەی ئایدیالیزمی مێژوویی ئەو. ڕوانگەیەک کە دواتر لەلایەن مارکسەوە بایەخی پێدرا و ئەنجامەکەشی بووە تیۆریی کۆمۆنیزم. هیگڵ لەکاتی مردنیدا بەناوبانگترین فەیلەسووفی ئاڵمان بوو. ڕوانگەکانی ئەو بەشێوەیەکی بەرفراوان کەوتبووە بەر سەرنج و شاگردەکانیشی ڕێزی زۆریان لێگیرا و پێشوازیی باشیان لێکرا. لەپاش مردنی، پەیڕەوەکانی دابەشبوونە سەر دوو لقی هیگڵییە ڕاستەکان و هیگڵییە چەپەکان. لقی ڕاستی هیگڵی لە دەلاقەی ئایینناسانە و سیاسییەوە ڕاڤایەکی پارێزکارانەیان (conservaitic) لە بەرهەمەکانی هیگڵ دا بەدەستەوە. ئامانجی ئەوان ئاشتکردنەوەی فەلسەفەی هیگڵ لەگەڵ مەسیحییەت بوو. هیگڵییە ڕاستگەراکان لەڕووی سیاسییەوە بە نەریتگەرا دەهاتنە هەژمار.

لقی چەپی هیگڵییەکان، سەرەنجام بەرەو ڕوانگەیەکی جوانیناسانە ڕاکێشران. زۆریەکلەوان لەڕووی سیاسییەوە هۆگری ئەندێشە شۆڕشگێڕانەکان بوون. ئەم گرووپە لە لقی چەپی هیگڵی کە لەڕووی مێژووییەوە پڕبایەخن بریتییە لە: لودڤیک فوێرباخ، بۆرۆ باوێر، فریدریش ئینگڵس، ماکس شتێرنێر و کارل مارکس.

ئایدیالیزمی ئاڵمان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بووە هۆی بووژانەوە لە فەلسەفەی زانکۆی لە بریتانیا و ئەمریکا. لە بریتانیای مەزن فەیلەسووفانی وەک (ت.ە.گرین) و (ف.ە.برادلی) ئەندێشە میتافیزیکییەکانی هیگڵیان وەرگرت، بەڵام هیگڵ لەلایەن دامەزرێنەرانی بزاڤی "شیکاری" وەک (بێرتراند ڕاسێڵ) و (جی.ئی.مۆر) درایە بەر هێرشی ڕەخنەگرانە.

لە سەرتاسەری سەدەی بیستەمدا بایەخدان بە هیگڵ بەهۆی پەیوەندیی ئەو لەهەڵ بزاڤە فەلسەفییەکان وەک (ئیگزیستانسیالیزم) و(مارکسیزم) پەرەی سەند. لە فەڕەنسا ڕوانگەیەکی تایبەت لە هیگڵگەرایی لە نێوان بەرەیەک لە بیرمەندان وەک (ژان پۆل سارتر) و (ژاک لاکان) سەریهەڵدا. لەئاڵمان ڕەگەزە گرینگەکانی هزری هیگڵی بە سەرنجەکانی قوتابخانەی فرانکفۆڕت و پێشەنگەکانی وەک (ئادۆرنۆ)، (مارکۆزێ) و دواتر (هابرماس) نزیک بۆوە.

فەلسەفەی سیاسیی هیگڵ بەشێکە لە سیستەمێکی فەلسەفی بەرفراوانتر کە تیایدا یەکانگیریی نێوان ئاگاییە مرۆییەکان خاوەنی بنەمایەکی میتافیزیکییە. ڕوانگەی خودی هیگڵ لە کتێبی (بنەماکانی فەلسەفەی ماف)دا اس لە مشتومڕێی گەوهەری لە سەرنجیفەلسەفی ئەودا بەتایبەت سەرنجی ئەو بۆ سروشت و سنووردارییەکانی مەعریفەی مرۆڤ دەکات.

هیگڵ دەڵێ: "ئەوە فەلسەفەی سەردەمە کە لە ئەندێشەدا دەردەکەوێت" دەکرێ بەڕوونی ئەو ئەنجامە وەرگری کە لە چەمکی "سەردەم"دا ڕوانگەیەک لە بارودۆخی کلتووری مێژوویی و بگۆڕی حەشارە کە خراوەتە پاڵ بەرزترین بیچمی دەرک و تێگەیشتنی مرۆ واتە فەلسەفە.

لەم ڕووەوە دەشێ بگوترێ کە ناوەرۆکی زانستی فەلسەفی لە ناوەرۆکی مێژوویی کلتووری سەردەمەوە سەرچاوە دەگرێت. لەلایەکی ترەوە ئەم ناوەرۆکە بۆ ئاستگەلێکی بەرزتر سەردەکەوێ و دەبێتە "ئەندێشە". بەم چەشنە ئامانجی هیگڵ داڕشتنی بنەمای وەها سیستەمێکی فەلسەفیی هەمەگیرە کە بتوانێ گشت ئەندێشەی پێسینەکان لەخۆگرێت و چوارچێوەیەکی واتایی بەدی بهێنێت کە لەوێدا هەم ڕابردوو و هەم داهاتوو لەڕووی فەلسەفییەوە هەڵگری لێتێگەیشتن بن. ئامانجێکی لەم چەشنە خۆی پێویستی بە ئامادەکاری و لێخوردبوونەوەیەکی تەواو لە واقعییەت هەیە. بەم پێیە هیگڵ باوەڕی وایە کە تەوەری فەلسەفە بە گشتی واقعییەتە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە هەموو شتە واقعییەکان لە جیهاندا لەکۆتایی و لەوپەڕی خۆیاندا یەک شتن. بەبۆچوونی ئەو لە بنەڕەتدا (بوون) سۆژەیە و ئەندێشە و زات یەک شتن، تەنانەت ئەگەر ئێمە پێمان وانەبێت. ئەم گوتەیە یارمەتیی سەلمێنرانی تیۆرییەکەی هیگڵ سەبارەت بەوەی هەموو شت جیاوازن لەگەڵ یەکدی و لەکۆتاییدا هەر یەک شتیشن، دەدات. لەم ڕووەوە ئەندێشە

واقعییەت لەخۆ دەگرێت چونکە خودی دڵ و ڕۆح واقعییەتە و ڕۆح جیهان وەک بنەمایەکی زەینی دەبات بەڕێوە. بەم پێیە واقعییەت یان پرۆسەی گۆڕانی گشتیی هەر شتێک ڕەها یان ڕۆحی ڕەهایە.

ڕەها ئاوەزی و واقعییە، هەر لەم ڕووەوە هیگڵ دەڵێ: "هەرچی ئاوەزییە واقعییە و هەرچێکیش واقعییە ئاوەزییە." ئەم بۆچوونە ڕێنوێنیمان دەکات بەرەو شاکارەکەی هیگڵ واتە دیاردەناسیی سۆژە. ئەوە ڕوونە کە هیگڵ "دیاردەناسی" بە پڕۆژەیەک لە فەلسەفەدا و جۆرێک ڕاهێنانی خوێنەر لە دەلاقەی هزری فەلسەفییەوە دەزانێت. لەم حاڵەتەدا دەکرێ فۆڕمەکەی ئەو لەگەڵ فۆرمی "چیرۆکێکی فێرکاری" کە کاراکتەرە سەرەکییەکەی زەینی و گریمانەییە و خاوەنی هەند هێک "بیچمی ئاگایی" ڕوو لە کامڵبوونە، هەڵسەنگێنرێت. "دیاردەناسی" بە مانای ناسکردنی دیاردەیە. "دیاردە" لە زاراوەی فەلسەفیدا بەمانای شتێکە کە زەین یان هەست ڕاستەوخۆ لەوەوە ئاراستە دەگرێت. لەم ووەوە دیاردەناسی توێژنەوەی پرۆسە یان شێوازێکە کە لەوێدا ئۆبژە یان شتەکان لێمان دەردەکەون، کەواتە دیاردەناسیی سۆژە توێژینەوەی پرۆسەیەکە کە لەوێدا سۆژە(زەین) خۆمان پێ نیشان دەدات، بەڵام کاتێ لەوە دەکۆڵینەوە کە چلۆن سۆژە بۆ ئێمە دەردەکەوێ لەڕاستیدا توێژینەوەی ئەوە دەکرێت کە سۆژە چلۆن لەخۆی دەردەکەوێت.

بەم پێیە دیاردەناسی هیگڵ بیچمگەلێکی جۆراوجۆری ئاگایی لەبەرچاو دەگرێت و ئەگەر لە ناوەوە سەیر بکرێت نیشان دەدا کە چلۆن بیچمەکانی ئاگایی وەک پێویست بە شێوەی بیچ،ە دیاردەناسانە و مێژووییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت.

هیگڵ گەلاڵەکەی خۆی بە "پێشکەش و ئاشکراکردنی مەعریفە (ناس) وەک دیاردەیەک "دادەنێت. بەڵام تەنیا سەرنجی گونجاو بۆ مەعریفە خوێندنەوە و تاقیکردنەوەی ئاگایی لە دەروونەوە و بە شێویەکە کە ئاگایی بەڕووی خۆیدا دەدەکەوێ. دیاردەناسیی مێژوو درێژەدەری پرۆسەی پەروەردە و ڕاهێنانی خودئاگاییە هەتا ئاستی ڕانست. هەر بیچمیکی ئاگایی لە دەرکەوتنی خۆی لە ئاستێکی خوارتر لە مەعریفەی پەتیدا دەمانباتە سەر ڕێیەک کە هیگڵ بە "نەرێی زەرووری" ناوی دەبات. "نەرێی زەرووری" تەنیا گومانگەراییەکی scepticism بەتاڵ نییە بەڵکوو شتێکی پۆزێتیڤە کە دەبێتە هۆی ئەوەی بگەینە ئەو ئەنجامە کە یەک بیچمی ئاگایی بەس نییە و ئەمە خۆی یچمێکی نوێیە لە ئاگایی. بەم پیە ناچاردەبین لە بیچمێکی ئاگاییەوە بەرەو بیچمێکی تر و لە گەڕانێکی بێکۆتاوە بە مەبەستی ناسینی حەقیقەت و یان حەقیقەتی مەعریفە لە جوڵەدا بین.

بەم شێوەیە دیاردەناسی وڵامێکە لەبەرانبەر ئەم پرسیارەدا کە بۆچی مێژووی جیهان شتێک نییە جگە لە پێشکەوتن و گەشەی ئاگایی لە ئەندێشەی ئازادیدا ؟ هیگڵ بەم جۆرە وڵام دەداتەوە: دیردەناسی دەرخستنی ئەگەری ناسینی کردەکیی ئەو شتەیە کە حەقیقەت، بەڵآم ئەگەر ئامانجی پرۆسە مەعریفەی حەقەقی یان ڕەهایە ئێمە چلۆن دەزانین کە پێیگەیشتووین؟ بەپێی بۆچوونی هیگڵ کۆتایی لە خاڵێکدایە کە بابەتە لەخۆدەگرێت کە دینامیک بوون و بەرەوپێش چوون بەرهەمی دوانە دژبەرەکانە بەشێوەی سوننەتی لەچوارچێوەی گوتەزاگەلێکی وەک ( تێز، ئانتی تێز و سەنتێز)دا شیکراوەتەوە.

ئەگەرچی پێدەچێ ئەم واژانە بۆ تێگەیشتن لە لۆژیکی دیالکتیکیی هیگڵ سوودبەخش بن بەڵام هیگڵ خۆی لە بەکاربردنی ئەو زاراوانە خۆدەبوێرێت. ئەو لە کتێبی دیاردەناسیدا کار لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی لۆژیک، لە سادەترین ئاستی ئاگاییەوە و لەخودئاگاییەوە تا زانستی ڕەها، دەکات. هیگڵ لە سادەترین و سەرەتاییرین بیچمی ئاگاییەوە کە خۆی بە "مسۆگەری و دڵنیایی لە ئاستی ئەزموونی هەستی" ناوی دەهێنێت، دەستپێدەکات. مسۆگەریی هەستی (قطعیت حسی) بە ئاسانی ئەو زانیارییانە وەردەگرێت کە بەرهەمی ئەزموونە هەستەکییەکانی ئێمەیە. لەڕاستیدا ناسکردنی شتێکی تایبەتە کە دەکەوێتە بەر هەستی ئێمە. مسۆگەریی هەستی تەنیا لەو شتەی لەبەر هەتەری چاوی ئەودایە ئاگایە و دڵنیاییە لە "ئەمە" یان "لێرە" و "ئێستا"، بەڵام مەعریفەی مسۆگەریی هەستی چلۆن دەشێ بەیان بکرێت؟ هیگڵ دەڵێ بەهیچ شێوەیەک ناکرێ لەڕێگەی زمانەوە شیبکرێتەوە، چونکە مسۆگەریی هەستی، ناسکردنی تایبەتیەکانە، لەحاڵێکدا زمان هەمیشە سەروکاری لەگەڵ شتێکی گشتیتردایە. بەم پێیە مسۆگەریی هەستی کە بیچمی سەرەتایی ئاگاییە تێدەپەڕێ و دەگەینە جۆرێکی نوێ لە ئاگایی.

لـە قۆنـاغی تێگەیشـتندا ئاگـایی دەبێتـە هـۆی روونبوونـەوی ئۆبژەکـان بـەپێی تایبەتمەندییـە گشـتیەکانیان، بـەڵام ئـەم یاسـایانە هـەمان یاسـاکانی نیۆتـۆنن لـە فیزیکدا و هـەمان روانگـە بۆ جیهـانیش بەکاردەهێنن. بەم شێوەیە چەمکە بەکارهووەکانی ناو ئەم پرۆسەیە هەندێ خاڵی وەک (وزە) یان (کێش کردنن) کـە لـە واقعدا بوونیـان نییـە، بـەڵکوو هەنـدێ پێکهاتـەن کـە مێشـکی ئێمـە بـەدیهێناون و ئاگـایی هەوڵدەدات بیانکاتـە شتی دەرکپێکراو و بیانکاتە بەشێک لـە بەرهەمـەکانی خۆی. ئاگایی خۆی دەکاتـە ئامانج ئەمـەش بـەو مانایـەیە کـە ئاگـایی گەیشتۆتە قۆنـاغی خودئاگـایی. خودئاگایی نـاتوانێ لـە حاڵـەتی دابڕاویدا بوونی هەبێت. ئەگەر خودئاگایی دەیەوێ وێنایەکی راستەقینە لەخۆی بدات بەدەستەوە پێویستیی بە خودئاگاییەکی تر دەبێت.

رێگەچارەی هیگڵ ئەوەیە کە عەینییەتی خودئاگایی خودئاگاییەکی تر دروست دەکات، کەواتە ئێمە لەم قۆناغەدا دوو خودئاگاییمـان دەبێت و ئەمانـە هـەردووکیان پێویستییان بـە ناسینەوەی یەکدی هەیـە، چونکە دەبێ خۆیـان دەستەبەر بکـەن و بوونایـەتی یـەکتری گـەرەنتی بکـەن. پێویستیی ناسینەوە شتێکی دوولایەنەیە. پەیوەندییە یەکەمین و سـەرەتاییەکانی نێوان ئـەم دوانـە ئاشتییانە نییـە، بـەڵکوو پڕکێشـەیە، بەڵام یەکیان ئـەویتر لـەناو نابات، چونکـە لایـەنی سـەرکەوتوو دەزانـێ هـەبوونی لایەنەکـەی تر بۆ ئـەو شـتێکی پێویسـت و حەیاتییـە. لـەم رووەوە دۆخێـک وەک دۆخـی خوداکـان بەدیدێت. راسـت هـەر لـەم قۆناغەدایە کە دیاردەناسی، مێژوویی دەبێتەوە. باسی خوداکان و بەندە بـە باسی سـەبارەت بـە فەلسـەفەی رەواقـی درێـژە دەدرێت. فەلسـەفەی رەواقـی کەلەبـەری نێـوان خوداکـان و بەنـدە پڕدەکاتـەوە. فەلسـەفەی رەواقی لە ئیمپڕاتۆریی رۆمدا، کۆیلەیەک (ئێپیکتۆس) و ئیمپڕاتۆرێک (مارکۆس ئۆرلیۆس)ی دەگرتەوە. گەوهەری فەلسەفەی رەواقی لە ئازادیی زەینیدایە. بەتاڵە لە هەرچەشنە ناوەرۆکێکی زەرووری و پێشتر دابینکراو. لـەپاش ئەمروانگەیـە گومانگـەرایی سـەریهەڵدا و لـە گومانگەراییـەوە دەگەینـە قۆناغێـک کـە هیگڵ بە "ئاگایی بێبەخت" ناودێری دەکات. ئەم یەکەیان بیچمێکە لە ئاگایی کە لە سەردەمی مەسیحییەتی کیسەدەکانی ناوەڕاستیدا بیچم دەگرێت.

ئەوەی ئاگایی بێبەخت ناتوانێ پێی بگات ئەمەیە کە ئـەو فاکتـەرە خوداوەندییانـەی ئـەو دەیپەرستێ لەڕاستیداون فاکتەر و تایبەتمەندییەکانی خودی ئەون. هیگڵ لەم بڕگەیەوە گشت مێژووی مرۆڤایەتی بـە پرۆسەی گۆڕانی رۆح یان زەین Geist دەزانێ و سـەردەمە مێژووییەکان بـە بریتی لـە یۆنـانی کۆن، ئیمپڕاتۆریی رۆم و چاخی رۆشنگەری و شۆڕشی فەڕەنسا دێنێتـە هـەژمار. هیگڵ "ئـازادیی پـەتی"ی شۆڕشـی فەڕەنسـا بـەم شـێوەیە وێنـا دەکـات کـە بـەناچار بـەلای دژی خـۆی واتـە تۆقانـدن و نائارامیـدا شـکاوەتەوە. گـۆڕانێکی سیاسـی تـر لـر کتێبـی دیاردەناسـیدا نەخراوەتـە بـەرباس. بەرلەمـە گوتمـان بەبۆچوونی هیگڵ پێشکەوتنی ئاگایی لە ئازادی لەڕاستیدا پێشڤەچوونی زەینە بەرەو مەعریفەی رەها، چونکە باوەڕی وایە ئازادی بەمانای ئازادبوونی ئێمە بۆ ئەنجامی هەر کارێک کە حەزمان لێبێت نییە، بەڵکوو دارابوونی زەینێکی ئازادە. ئـاوەز رێگیـە سـەرەکی پەیوەنـدی بـە زەینـە و ئـاوەز لـە زاتـی خۆیدا شتێکی گشتییە. واقعییەت بەهۆی زەینەوە دروست دەکرێت هەروەک زەیەن کە بەهۆی واقعییەتەوە بیچم دەگرێت و مەعریفەی رەها کاتێ بەرهەمدێت کە زەین بگات بـەوەی ئـەو شـتەی دەیـەوێ بیناسـێ خـودی ئەوە. بەم پێیە مێژووی جیهان شتێک نییە جگە لە پێشکەوتنی ئاگایی لە ئازادی.

هیگڵ ئازادیی مرۆڤ بە دیاردەیەکی کۆمەڵایـەتی دەزانێت، چونکم خاڵـە ئـە پێویستییە تاکییـەکان تەنیا لەڕێی هەوڵە بەکۆمەڵەکانەوە دەستەبەر دەبێت. ئ ێمە دەگەینێتە فەلسەفەی ماف. لێرەدایە کە هیگڵ ئەوە دەردەخات کە دەستڕاگەیشتن بە سـەربەخۆیی سیاسی بۆ شیکردنەوەی دەوڵـەت شتێکی بنچینەییە.

هیگڵ باسەژەی خۆی پۆلێن دەکاتە سەر چەندین بەش:

لە پێشەکی (بنـەماکانی فەلسـەفەی مـاف)دا هەنـدێ تـەوەری وەک ئـازادی و چییـەتیی مـاف دەخاتـە بەرچاو. لە بەشی یەکەمدا کە تایبەتە بە (مافی پەتی) لە پڕەنسیپی زاڵی نـاو خاوەندارێتی و گواستنەوەی خاوەندارێتی و کەڵکاوەژۆ لە خاوەندارێتی دەدوێت.

لە بەشی دووهەمد کە تایبەتە بە ئاکار، لەبابەتە ئاکارییەکان و تیۆرییە مافەکییـەکان دەدوێ. بەشـی سێهەم لەسـەر ژیـانی ئەخلاقییـە و پڕەنسیپ و تێزەکـانی حـاکم بەسـەر لایەنـە تـەوەرەییـەکانی ژیـانی کۆمەڵایەتی ئاوەزیی وەک خێزان، کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەت شیدەکاتەوە.

هیگڵ بە لێکدانەوەی چەمی ئیرادە دەستپێدەکات. بەپێی بۆچوونی ئەو ئامانجی بنەمایی ئیرادەی مرۆیی ئیرادەی کرداری بە ئازادانەیە. مەرجی مافەکی بۆ گەیشتن بە ئازادی، مافی پەتییە. مافە پەتییەکان بە سێ شێوە پەتین:

١. کردار و پرەنسیپەکان لە پەیوەندییە کەسانەکانەوە رادەپسکێن.
٢. کردار و پرەنسیپەکان، لە پەیوەندییە ئاکارییەکانەوە رادپسکێن.
٣. کردار و پرەنسیپەکان، لە دامەزراوە یاسایی و سیاسییەکانەوە رادەپسکێن.

بەپێی تیۆرییە مۆدێنەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی، بنچینەییترین کرداری ئازاد، خاوەندارێتییە، بەڵام هیگڵ دەڵێ لەبەردەستتدا بوون یان دارابوونی شتێک، کردارێکی تەواو نییە بۆ ئزادی، چونکە بە مانای گەیشتن بە ئامانج نابێت. لە چوارچێوەی ئەم سیستەمە پەتییەی مافی خاوەندارێتیدا هەڵوێستە کردن بەدژی خاوەندارێتی کارێکی ئەستەمە. لەم رووەوە سیستەمی پەتیی مافی خاوەندارێتی دەبێ لەڕێگەی بکەری ئاکارییەوە تێبینی بکرێت.

بەشی دووهەم واتە"ئاکار" دوو ئامانجی بنەڕەتیی هەیە:

١. پێڕستکردنی کۆمەڵێک لە مافەکان کە بەلای تەوەری ئاکارەوە حاڵەتێکی بنەماییان هەیە.
٢. لێدوان لەوەیکە ناکرێت پرەنسیپە ئەخلاقییەکان بەشێوەیەکی پێش ئەزموونی لەبەرچاو بگیرێن.

لێکدانەوەی هیگڵ لە ئاکار بۆ نیشاندانی ئەوەی رامانە ئاکارییەکان لەمەڕ یەکپارچەیی تاک کە پێویستە بۆ دەرکردنی بڕیاری یەکلایەنانە و مانەوەی خاوەندارێتی شتێکی بنچینەیی و زەروورییە و لەم رووەوە رامانە ئاکارییەکان ناتوان بە تەنی هیچ بنەمایی مافەکی بەدی بهێنن، بەڕای هیگڵ بنەماکانی ماف تەنیا کاتێ دەتوانن بوونیان هەبێت کە یەکپارچەیی تاکی و رامانە ئاکارییەکان پێکەوە بن. لەلایەکی ترەوە پرەنسیپە مافەکییەکان کاتێ بوونیان هەیە بۆ تێرامن کە کردارە کۆمەڵایەتییەکانیش بوونی مسۆگەریان هەبێت. ئەم کردارە کۆمەڵایەتییانە تەنیا لە سیستەمێکی یەکپارچەی پرەنسیپەکاندا کە بە "ئاکاری کردەکی" یان "ژیانی ئاکاری" ناودێر دەکرێن دەتوانن بە چەشنێکی ئاکاری تێکمە و بەهێز بکرێن.لە ژیانی ئاکاریدا هەبوونی ژیانێکی کۆمەڵایەتی ئاوەزییانە بە پشت ئەستووریی نۆرمە عەینییەکان و هەروەها ناسینی ئەم نۆرمانە بەستراوەتەوە و هیگڵ لێرەدا لە لێکدانەوەکەی خۆیدا چەند تەوەری ژیانی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات:

١. چۆنیەتی یانێکی کۆمەڵایەتیی لەسەر بنەمای ئاوەز، بکەرەکان دەگەیەنێتە ئەو توانایەی کە بە ئامانجەکانیان بگەن.
٢. چلۆن ئەم پرەنسیپە کە: هەرکەس تەنیا لە بەرانبەر پاشهاتە چاوەڕوانکراوەکانی کردەوە و کردارەکانی خۆیدا بەرپرسیارە، لەگەڵ ئەم پرەنسیپە کە: هەموو کەس لە بەرانبەر پاشهاتەکانی کردارەکانی خۆیدا بەرپرسیارە، سازگارە و پێکەوە دەگونجێن؟
٣. چلۆن دەکرێ بەستێنە کۆمەڵایەتییەکان رێسامەند بکرێن؟
٤. نیازە دوولایەنەکان چلۆن رێکدەخرێن؟
٥. چلۆن دەکرێ سەربەخۆیی سیاسی لە بەستێنی کۆمەڵایەتیدا بپارێزرێت؟

وڵامی هیگڵ بۆ گشت ئەم پسیارانە ئەمەیە کە هەموو پێکهاتەیەکی ئەتنیکی و کۆمەڵایەتی توانای ئامادەکردنی ئەم چەشنە ئامانجانەیان نییە، بەڵام پێکهاتەیەک ئەو توانایەی هەیە کە ئامانجەکەی گەیشتن بە ئازادیی تاکی بێت. هیگڵ لە پێکهاتەی بنەڕەتییەوە واتە خێزان دەستپێدەکات. خێزان بەستێنێکی بنەڕەتی بۆ رێکخستن و ئاوەزیکردنی خەزی سێکسی ئامادە دەکات و رێگەی پەروەردەکردنی نەوەی دواتر لەبار دەکات، بەڵام چونکە لە دۆخی مۆدێرندا زۆرینەی خێزانەکان بەرهەمەکانیان بۆ بژیوی خۆیان نییە خێزان پێویستە پەیوەندییەکی لەگەڵ ژیانی ئابووری و شارستانیی کۆمەڵگەدا گەبێت. کۆمەڵگەی شارستانی بریتییە لە دامەزراوە و کردارگەلێک کە لە بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەرخۆریی ئەو بەرهەمانەی کە نیاز و خواستە جۆراوجۆرەکان دەستەبەر دەکەن،دا دەوریان هەیە. هیگڵ ئەمە بە " سیستەمی پێویستییەکان: ناودێر دەکات. سیستەمی پێویستییەکان لەڕێگەی ئامادەکردنی

کاڵا کۆمەڵایەتییە پێویستەکان بۆ دەستەبەرکردنی نیازەکان، پاڵنەر و خواستە سروشتییەکان تێردەکات، پشتیوانی لە پیشی تاک دەکات. لە کۆمەڵگەی شارستنیدا هەمووکەس خاوەنی مافی شارستانیی یەکسانە، چونکە هیچ بیانوویەکی گونجاو لە ئارادا نییە بۆ جیاوازی دانان لەنێوان تاکەکاندا. کۆمەڵگەی شارستانی سێ چەشنە دامەزراوەی جیاوازی هەیە:

١. دەزگای دادگەری.
٢. دەسەڵاتی گشتی.
٣. کۆمپانیاکان.

دەزگای دادگەری یاساکان ڕێکدەخات و دەیانچەسپێنێت. دەسەڵاتی گشتی بەرپرسی چارەسەرکردنی کێشەکانە لەڕێگەی گەیشتن بە ئامانجە تاکییەکاندا (خەبات بە دژی خراپەکاری، چاودێریکردن بەسەر نرخەکان و ...) کۆمپانییەکان کۆمەڵێکی بازرگانین کە لەبانارنبەر حەزەکانی لادەریی تاکەکان لە ئاراستەی بەرژەوەندیخوازیی خۆیان لە کاری بازرگانیدا بەربەرەکانێ دەکەن و ئەو تاکانەی خاوەنی بەرژەوەندیی هاوبەشن هاوئاهەنگ دەکەن.

دوایین دامەزراوە بریتییە لە حکوومەتی ناوەندی. هیگڵ بەگشتی جیاوازی دەکات لەنێوان حکوومەت و دەوڵەتدا. ئاوەزمەندییەک کە ڕەگاژۆ دەکاتە جیهانی مرۆڤەکانەوە یەکەمجار لە قاڵبی دەوڵەتدا دەردەکەوێت و لە خێزاندا لە پشت هەست و سۆزەکاندا جێدەگرێت و لە کۆمەڵگەی شارستانیدا بەشێوەی ئامرازێک بۆ بەرژەوەندیخوازیی خودی تاک خۆ دەنوێنێت. لەڕاستیدا ئاوەز تەنیا لە قاڵبی دەوڵەتدایە کە دەگاتە خودئاگایی. بەواتایەکی تر تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتدایە کە کردارەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئامانج و مەبەستەکانی یەکدەگرن. مرۆڤ دەزانێ چی دەوێت و بەپێی ئەو خواستانەی کار دەکات. دەوڵەت کریستاڵیزەی کردەکی و واقعیی هزری ئاکارییە. دوڵەت شوێنی یەکانگیریی ئاگایی زەینی و نەزمی عەینییە. هیگڵ حکوومەت بە دەوڵەتێکی سیاسیی مسۆگەر ناودەبات و وشەی دەوڵەت بۆ کۆمەڵگەیەکی ڕێکوپێک و شارستانی بە گونجاو دەزانێت. کۆمەڵگەی شارستانی دەوڵەتێکی دەرەکییە چونکە مەرج و پێویستییەکانی سەربەخۆیی سیاسی دەستەبەر ناکات. ئەندامانی کۆمەڵگەی شارستانی بۆرژوان بەڵام شارۆمەند نین، چونکە هاندەری چالاکیی مرۆیی لە دەوڵەتدا ئەو مەعریفەیە کە ژێدەری سەرەکیی ئەوەی دەگاتە سامان و ئەنجام شارۆمەندی زەینییە و دەوڵەت لەڕاستیدا مەیدانێکە بۆ کارکردی دروستی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان. بەڵام ئەندێشەی دەوڵەت شتێکی روون و دیاریکراو نییە، بەڵکوو بەرەنجام و پاشهاتی گۆڕانێکی "مێژووییە". دەوڵەت کریستاڵیزەی خودئاگایی مرۆڤە. هیگڵ پییوایە پێگەی تاک لە دەوڵەتدا لە پرۆسەی دیالکتیکدا دیاری دەکرێت. بەڕای هگڵ زۆرینە پەیڕەوی لە یاساکان دەکەن بێ ئەوەی مەعریفەیەکی ڕەسمییان لە سەردەوری خۆیان لە بەدیهێنانی یاسای ڕەسمیدا هەبێت.

بەم شێوەیە لایەنی سیاسیی سەربەخۆیی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی شارستانیدا بەدەست نایەت. گۆڕانی دەوڵەت و هەنگاونانی بەرەو دەسەڵاتی یاسایی دەسکەوتی جیهانی مۆدێرنە. ڕوانینی سیاسیی هیگڵ لەمەڕ فۆڕمی یاسایی دەوڵەت لەسەر بنەمای ئەندێشەی پاشایەتییە. ئەو بەگشتی حاکمییەت پەیوەندی دەداتەوە بە دەوڵەت نەک بە پاشایەتییەوە. پاشا بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت لەڕێگەی سیاسەتی دەرەکی دەپارێزی، بەڵام وەزیری هەن کە یاسادارێژن و پێکهاتەکان دیاری و پێناسە دەکان. ئەنجومەنێکی وڵاتیش هەیە کە بەیانگەری ڕوانگە گرینگ و چارەنووسسازە جەماوەرییەکانن لە کاروباری دەوڵەتدایە. لێرەدا سیستەمێکی نوێنەرایەتی هەیە کە لەسەر بنەمای کۆمپانیاکان دامەزراوە. کارکردی سەرەکیی ئەنجومەنی ویلایەتی گەیاندنی ڕێکوپێکی زانیاری بە خەڵک سەبارەت بە چالاکییەکانی حکوومەتەکەیانە. ئەنجام ئەوەیە کە بەبۆچوونی هیگڵ کۆبوونەوەی ئاوەزمەندانە لەڕاستیدا پاشایەتییەکی یاساییە. سیاستەمی پاشایەتی زەروورییە، چونکە پێویستە لەشوێنێکەوە دەسەڵاتی بڕیاری کۆتایی هەبێت. لەلایەکی ترەوە بەبۆچوونی هیگڵ ئەگەر یاسای بنەڕەتی تۆکمە و پتەو بێت پاشا کارێکی نابێت جگە لە واژۆ کردن. لەم ڕووەوە پاشا ناتوانێ ببێتە سەرەڕۆیەکی Despotic ڕۆژهەڵاتی. لەم وتەیەی گڵ ئەوە دەردەکەوێ کە دەوڵەت بەبۆچوونی ئەو بەمانای حکوومەت نییە بەڵکوو ئاماژەیە بۆ گشت ژیانی کۆمەڵایەتی. بەم پێیە مەبەستی ئەو بیەخدان بە حکوومەت لە بەرانبەر

خەڵکدا نییە، بەڵکوو رووی قسەی لە گشت کۆمەڵگەیە. دەوڵەتی ئاوەزی لە ئەندێشەی هیگڵدا لەگەڵ هەموو ئەو دەوڵەتانەدا کە هەتا سەردەمی ئەو هاتوونەتە بوون، زۆر جیاوازە. بەڵام هیگڵ بە پەرێزکار(کۆنسێرڤاتیک) و یان تەنانەت لەویش خراپتر تاوانبار کراوە. هیگڵ دژی هەمو هێزە پەرێزکارەکانی سەردەمی خۆیەتی چونکە:

١. ئەو جیاوازی دەکات لەنێوان مۆدێلی رەهای پاشایەتیی کۆن و مۆدێلە یاساییەکەی.
٢. ئەو کاروباری کارگێری و دیوانیی حکوومەت دەخاتە بەردەستی چینی مامناوەند و خوێندەوار نەک خانەدانەکان.
٣. ئەو بە توندی پشتگیری لە ئارمانە رۆشنگەرییەکانی پەیوەندیدار بە ئاوەزمەندیی مرۆییەوە دەکات و باوەڕی بە پێشکەوتنی مێژوویی وەک پرۆسەیەکی ئاوەزی هەیە.

بەڵام هیگڵ لەگەڵ نەریتی فەلسەفەی پەیمانی کۆمەڵایەتیشدا هاودەنگ نەبوو.

بنەماییترین نارەزایی ئەو لەم نەریتە فەلسەفییە ئەوەیە کە دەیگوت ئەو زەمینییەتە پۆلێنکراوەی ناو تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ شیکردنەوەی دۆخی سروشتی بۆتە هۆی لەناوچوونی گشت دەروەستییەکانی ئێمە وەک ئەندامی کۆمەڵگەیەکی سیاسی.

کتێبی بنەماکانی فەلسەفەی مافی هیگڵ کتێبێکی گرینگە لە بەستێنی دەوڵەتی مۆدێرن لەسەردەمە سەرەتاییەکانی ئاوەزیبوونەوەی ئەوە. ئەم کتێبە کار لەسەر راڤە و بەرگری لە دەوڵەتی مۆدێرن دەکات. هاوکات جۆرێکی نوێ لە ئەندێشەی سیاسی کە پڕبەپێستە بۆ بنەماکانی دەوڵەتی مۆدێرن و کارەکانی ئامۆژە دەکات. ئەم کتێبە بە دوو لاپەڕەی سەرناوی جیاوازەوە چاپکراوە و روونکردنەوەیەک سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ئەم دوو سەرناوە نەدراوە.

سەرناوی یەکەم کە وادیارە لە بیچمە کۆنینەترەکانی فەلسەفە دواوە، توێژینەوەی هیگڵ بەناوی "مافی سروشتی و زانستیی دەوڵەت"ی بەکورتی بەسەرکردۆتەوە و سەرناوی دووهەم ئاماژە دەکات بۆ هەندێ گوتەزای وەک 'مافی سروشتی" و "زانست" و کتێبەکەی هیگڵی بە ناوی " چەردە فەلسەفەی ماف" پێناسە دەکات. هیگڵ خۆی سەرنجی خستۆتە سەر سەرناوی دوانەی "مافی سروشتی" و "زانستی دەوڵەت" و ئەم سەرناوانەی بەجێگەی تەنیا سەرناوی "فەلسەفەی ماف" بەکارهێناوە. وشەی "فەلسەفە" بەنرخە. باسەکەی هیگڵ لە ئاراستەی ئەوەدایە کە پێناسەیەکی رێکوپێک، فەلسەفی و رێکخراو بۆ چەمکگەلی ماف و دەوڵەت بدات بەدەستەوە. سەرنجی گشتیی هیگڵ بەرەو دۆزینەوەی لۆژیکیی دەروونیی ئاوەزمەندییە. لەم رووەوە تیۆریی شاراوە لە تەواوی کتێبەکەدا حیکایەت لە یەکگرتووییەکی نوێی نێوان ئاوەز و جیهانە و هیگڵ لە کۆتایی کتێبەکەدا سەبارەت بە "ئاوەزمەندیی بە ئاکام گەیشتوو" و "راستیی ئاوەزییانە" دواوە. بەشی یەکەمی کتێبی فەلسەفەی ماف لە هەمان ئەو تەوەرە دەکۆڵێتەوە کە کانت لە کتێی میتافیزیکی ئاکار لە چوارچێوەی مافی تایبەتیدا کاری لەسەر کردبوو.

هیگڵیش وەک کانت ئەو گریمانەیە لەبەرچاو دەگرێت کە مرۆڤ لە هەمان سەرەتاوە خاوەنی مافە، بەڵام ئامانجی هیگڵ ئەوە نییە کە مافە ئاوەزییەکان وەک سیستەمێک لە بیردۆزە نۆرمییەکان لە توێژینەوەکەی خۆی هەڵبهێنجێت و حۆکم لەسەر قەرەبووکردنەوەیان بدات. هیگڵ دەیەوێ نیشان بدات چلۆن بەجێهێنانی ئەم مافانە یەکسانە لەگەڵ بە ئاکام گەیشتنی ئازادیی مرۆیی. بەپێی بۆچوونی هیگڵ مرۆڤ خاوەنی مافی رەهای خاوەندارێتی لە هەموو شتێکدایە. لەم زەمینەیەدا هیگڵ بەرگری لە ئازادیی خاوەندارێتی دەکات، بەڵام جەخت دەکاتەوە کە "تەنیا" ئەگەری خاوەندارێتی تەیبەتی بۆ هەموان رەوایە.

بەم شێوەیە بەپێی لێکدانەوەی هیگڵ، یەکسانیی مافی هەموان لە ئازادیدا و لە ئەنجامدا خاوەندارێتیی تایبەتی بەناچار لە هەلومەرجی رکەبەرایەتی لە کۆمەڵگەی شارستانیدا دەبێتە هۆی نایەکسانی لە داراییەکانیاندا. هیگڵ لەم بوارەدا سنووردارکردنێکی بنەڕەتی بۆ تیۆریی یاسای ئاوەزمەندانەی مۆدێرن بە رەوا زانیوە.

هەروەک دەزانین کانت هەوڵیدا سیستەمێکی کامڵ لە نۆرمەکان لە نۆرمێ بنەڕەتیی یاسای ئاوەزمەندانەی مۆدێرن هەڵبهێنجێت. ئەو تێروانینی تاکی بۆ یاسای ئاوەزمەندانەی مۆدێرن کردبووە پێش گریمانە. لە تیۆریی هیگڵدا ئاوەزی دیاردەناسانەی مێژوویی ئەم هەلە بۆ ئێمە نارەخسێنێت کە بتوانین

دەوڵـەت ەک پـەیمانێکی نێـوان تاکـە سـەربەخۆکان راڤـە بکـەین، چونکـە راڤـەکانی یاسـای ئاوەزمەندانـە دەوڵەت وەک شتێکی دەرەکی و بیانی لە قەڵەم دەدەن. لەم تیۆرییەدا، دەوڵەت لەلای شارۆمەندان شتێکی جودا و بیانییە. هیگڵ بەپێچەوانەی کانت تیۆریسازی دەوڵەتی لیبراڵ نییە کە ماف و ئازادییەکانی تاک گەرەنتی بکات و رێزیان لێبگرێت. بەڕای هیگڵ، سنوورەکانی یاسای ئاوەزمەندانەی تاک پێویستییان بە بەهێزکردنەوەی سیاسی هەیە.

روانگـەکانی هیگڵ لـە روانگـەی گشـت تیۆریسـازەکانی دەوڵـەتی بـەر لـەخۆی جیـاوازە.ئـەو بـە ئاشکرایی مەرجە ناپێویستەکانی بۆ بوونایەتیی دەوڵەتیمۆدێرن بە شایانی دەرک و قەبووڵکردن دەزانـی، بەو مانایەی دەیـەوێ ئـەوە دەربخـات کـە ئـاوەزی مێژوویـی لـە سـەردەمی مۆدێرنـدا پێویسـتی بەئـەخلاقی گشتی هەیە.

یاسای ئاکاری بەبۆچوونی هیگڵ پەیوەستە بە بوونی تاکیی مرۆڤەوە. بۆ گەیشتن بە پڕەنسیپی تیۆری لە دەوڵـەتی مۆدێرنـدا پێویسـتە زاڵ بـی بەسـەر بەسـتێنە تاکییـەکان و فەلسـەفەی ئاکـاردا. بـەپێی بۆچوونی هیگڵ تاکەکان رەنگە تەنیا بە مەرجێک دەتوانن هەنگاو بنێن بۆ بە ئاکام گەیاندنی چالاکییە مەشرووعەکانی خۆیان بۆ بەختەوەری و ئاسوودەیی کە بەختەوەریی گشتییان لەبەرچاو بێت. هەرکات ئەم بەختەوەرییە گشتییە وەک بەستێنێک بۆ کردەوەکانی ئێمە بێتە هەژمار، لەوێدا تێڕوانینی تاکی لەناو دەچێت. بەبۆچوونی هیگڵ بەختەوەریی گشتی هەمان ژیانی ئاکاری یان ئاکاری گشتییە.کە لە بەشی سێهەمی کتێبی فەلسەفەی مافدا تووشی دێین. ئەندێشەی هیگڵ سەبارەت بە ژیانی ئاکاری مۆدێلێکی وەرگیراوی فەلسەفەی سیاسیی یۆنانی کۆنە، مۆدێلەکەی لە دەوڵەت-شاری ئاتینی کۆنەوە وەرگیراوە. بەبۆچوونی هیگڵ خەڵک یان گەڵ تا ئەو جێیەی پەیوندییە دەروونییەکانیان لەڕێگەی ژیانی ئاکارییەوە بەڕێوە بچێت و دینامیک بێت، کۆمەڵگەیەکی رەسەنیان پێکهێناوە.

لێرەدا بەر لە باسکردن لەسەر تەوەری دەوڵەت پێویستە باسی تێگەیشتنی هیگڵ لە کۆمەڵگەی شارستانی بکەین. هیگڵ لە کتێبی فەلسەفەی مافی خۆیدا کۆمەڵگەی شارستانی بە داهێنانی پۆزێتیڤی تاکخوازی داناوە و بە بەرهەمی جیهانی مۆدێرنی زانیوە. کۆمەڵگەی شارستانی دەرخەری مەعریفەی روو لە گەشەی کۆمەڵگەیە کە ئەندامەکانی خاوەنی بەرژەوەندی و مافی یاسایین و بەتایبەت بە واتای تاکی تایبەت و نەک بە واتای تاکەکانی ناو گرووپە سوننەتییەکان، لە قەڵەم دەدرێن. کۆمەڵگەی شارستانی بەو جۆرەی لە کتێبی فەلسەفەی ماف دا باسی لێوەکراوە، یەکێک لە رەگەزە سێیانەکانی ژیانی ئاکاریی کانتە و کەلەبەری نێوان خێزان و دەوڵەت پڕدەکاتەوە و قۆناغی گواستنەوە لە کۆمەڵگەی وابەستە بە پەیوەندیی خزمایەتییەوە بەرەو کۆمەڵگە لەسەر بنەمای پەیڕەویی دڵخوازانەی تاکەکان لە ئیرادەی گشتیی کۆمەڵگەی سیاسی دەردەخات، کەواتە کۆمەڵگەی سیاسی هەرکات دیاردەی لێکتێگەیشتنی سیاسی نفووزی تێبکات دەبێتە دەوڵەت. کۆمەڵگەی شارستانی چەمکێکی بەرتەسک و پەتییە بۆ دەوڵەت کە ناتوانێ فاکتەرە زەرووریيەکانی ژیانی سیاسی کۆ بکاتەوە. کۆمەڵگەی شارستانی لەڕووی مێژووییەوە بەرهەمی جیهانی مۆدێرنە. هەروەک هیگڵ لە کتێبی فەلسەفەی مافدا گوتوویەتی سۆژە هەمان ئەو کەسەیە کە لە خێزاندا ئەندامێکە و لە کۆمەڵگەی شارستانیدا بۆرژوایە. هیگڵ بە ئەڵمانی بە burger als bourgeois ناوی دەبات. شارۆمەندانی ئاتینی کۆن لە چالاکییە بازرگانییەکاندا کاریان نەکردووە، بەڵکوو ئەم کارە لەلایەن (مێتێک)ەکان (دانیشتووە ناشارۆمەندەکان) ئەنجام درا. بەڵام بەبۆچوونی هیگڵ کۆمەڵگەی شارستانی یەکێتییەکی ئابوورییە. خێزان بە واتایەکی ئابوورییانە بە یەکێتییەکی سۆزدارانە دەژمێردرێت، نەک کۆمەڵگەی شارستانی. راهێنانێکی سیاسی کە لە کۆمەڵگەی شارستانیدا ئەنجام دەگرێ تاک والێدەکات کە لە ئاراستەی ئیرادە و کردەوەی خۆی لە پێوەرێکی جیهانیدا جێبگرێت. لەم رووەوە تاکەکان خۆیان دەخەنە زنجیرەیەکی پێوەندییەوە کە بە کۆمەڵگەی شارستانی ناودێر دەکرێ. هیگڵ جەخت دەکاتەوە کە دەبێ جیاوازی دابنرێت لە نێوان ئیرادەی خەڵک و بەشداری کردنیان لە ئیرادەی گشتیدا. هیگڵ لەگەڵ لەم خاڵەدا لەگەڵ رۆسۆ هاودەنگن کە پڕەنسیپە بنەماییەکانی دەوڵەت دەسەڵاتێکی خوداوەندی یان رەمەکییانە نییە، بەڵکوو ئیرادەی گشتییە.

ئەمە ئیرادەی گشتییە بەڵام هیگڵ پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە هەڵەیەکی گەورە و دڵتەزێنە کە پێمان وابێ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بۆ هەموو ئەندامەکانی دەگونجێت کە بەشێوەیەکی یەکپارچە و یەکدەنگ لەسەر بابەتێکی دیاریکراو رێککەن. لەم رووەوە هیگڵ لەگەڵ رۆسۆ هاوباوەڕە کە ئەگەر دەوڵەت بیهەوێ ئازاد بێت دەبێ بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و یان ئیرادەی گشتیی خەڵک بگەیەنێتە ئاکام، بەڵام لە چۆنیەتیی پراکتیزە بوونی ئەم کارە لەگەڵ رۆسۆدا هاودەنگ نییە.

ڕۆسۆ دەڵێ: خەڵک بەگشتی دەبێ ڕاستەوخۆ لە داڕشتنی یاسادا بەشدار بن هیگڵ دەڵێ: ئیرادەی گشتی وەک پرەنسیپێکی ئاوەزییانە دەبێ وردەورده بیچم بگرێت. بەم شێوەیە هیگڵ بەپێچەوانەی ڕۆسۆ لەسەر ئەو ڕایەیە کە بەجێهێنانی یاسا بە یاسادارێژ کورت نابێتەوە بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ گشت هێزەکانی دەوڵەت دەگرێتەوە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە خەڵک دەبێ بۆچوونەکانی خۆیان دەربڕن و ڕای خۆیان لەسەر کاری سیاسیی دەوڵەت دەربڕن. بەم پێیە ئەنجومەنی ویلایەتەکان بۆ ئەوەی ئەنجومەنێکی ئازاد و شەفاف بێت پێویستە هەلی ڕاهێنانی ڕاستەقینەی خەڵک لە کاروباری دەوڵەتیدا بڕەخسێنێت. ئەنجومەنی ویلایەتییەکان دوو کارکردی هەیە:

١. حکوومەت لە پێداویستییەکانی خەڵک ئاگادار دەکاتەوە.
٢. کێشە و گرفتەکانی دەوڵەت بگەیەنێتە گوێی خەڵک.

بەڵام دەسەڵاتی بەرپرسیار لەسەر بەجێبەجێکار دانانی یاسا، پاشا و ئەنجومەنی شوورایە. پاشا دەسەڵاتی دواییە چونکە ئەو حاکمییەتی دەوڵەت لە خۆیدا کورت دەکاتەوە. بەڵام هیگڵ نایەوێ پشتگیریی حکوومەتی لەجۆری ئیستبدادی بکات. تەنیا دەسەڵاتێک کە دەبێ دەوڵەتی لە ئیختیاردا بێت، دەسەڵاتی یاسایە.

پەپووی مینرۆوا تەنیا لە خۆراوابووندا هەڵدەفڕێ. بەبۆچوونی هیگڵ فەلسەفە ناتوانێ جیهان بگۆڕێت بەڵکوو دەبێ ڕاڤەی بکات، بەڵام هەر ئەم ڕاڤەیەش خۆی جیهان دەگۆڕێت. هەروەک پێشتر باسکرا هیگڵ لەو باوەڕەدایە کە دەستڕاگەیستن بە ئازادی لە مێژوودا روون نییە، بەڵکوو دەبێ بڕوای پێبهێنرێت. مێژووی مرۆڤ مێژووی مرۆڤێکە کە لەڕێگەی پەیوەندیی دوولایەنە لەگەڵ جیهانی عەینیدا بە خودئاگایی دەگات. مرۆڤ لەڕێگەی ئەم ڕاهێنانەوە بە ئازادی دەگات. بەبۆچوونی هیگڵ ئازادی لە هەموو دۆخێکی سروشتی گریمانەییدا دەست ناکەوێ، بەڵکوو دەبێ لەڕێگەی دەست تێوەردانەوە بەرهەمدار بکرێت. ئەم دەست تێوەردان یان ناوبژیوانییەی مرۆڤ کە مرۆڤ لە ئازادی ئاگا دەکاتەوە، بابەتی تەوەرەیی فەلسەفەی مافە. لەم ناوەندەدا سێ قۆناغی هەیە:

١. ئیرادەی ڕاستەوخۆ (مافی رەسمی)
٢. ئیرادەی وەک ڕامان (ئاکاری زەینی)
٣. یەکێتی هەردوو بابەتەکە (ژیانی ئاکاری یان ئاکاری گشتی)

ئاکاری گشتی لە سێ بەشدا جیا دەبێتەوە:

أ. خێزان (خودتەوەریی پاژەکی)
ب. کۆمەڵگەی شارستانی (خودتەوەریی گشتی)
ت. دەوڵەت ( ئەویترخوازیی گشتی)

کۆمەڵگەی شارستانی پانتای خودتەوەریی گشتییە. شوێنێکە کە تاک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی وەک کەرەستە مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا مامەڵە دەکات. وردترین زاراوەیە بۆ دەربڕینی "ژیانی ئابووری". ئامانجەکانی تاک بە ناوبژیوانی دەگاتە ئەنجام. هەرچەندە کەسانێکی زیاتر وابەستە بن بەو نیازەی کە ئەو کەسە بەدی دەهێنێت، دۆخی ئەو کەسە باشتر دەبێت. مەبەستی هیگڵ لە کۆمەڵگەی شارستانی وەک پانتای ئامانجە خودتەوەرانەکان لەڕاستیدا پەیوەندیی ئەوە لەگەڵ گۆڕانییە مێژووییەکاندا. کۆمەڵگەی شارستانی وەچەی جیهانی مۆدێرنە. پێناسەی هیگڵ لە کۆمەڵگەی شارستانی، بە پەیڕەوی لە مۆدێلی ئابووریگەرا کلاسیکان سەبارەت بە بازاڕی ئازاد پێشکەش کراوە.

هیگڵ دەزانێ کە لێکچوونی نێوان ئەم مۆدێلە و یاسای سروشتی ڕەنگە ببێتە هۆی تێکهاڵانیکۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەت. لەم ڕووەوە، لەم بابەتە وشیارمان دەکاتەوە و وەک دەڵێ: کۆمەڵگەی شارستانی دەوڵەتێکی دەرەکییە و دەوڵەتێکە کە لەسەر بنەمای نیاز وەستاوە. لە کۆمەڵگەی شارستانیدا هەر ئەندامێک لە خزمەت ئامانجەکەی خۆیدایە. بنەمای کۆمەڵگەی شارستانی سیاستەمی نیازەکانە. بەڵام نیازە سروشتییەکان لە ڕێگەی کاری مرۆڤەوە دەستەبەر دەکرێن. بەم شێوەیە، کار نێوبژیوانی نێوان مرۆڤ و سروشتە. کەواتە پرۆسەی بە ماشێنی بوون و پیشەیی بوون لە پاشهاتە زەرووریەکانی کۆمەڵگەی شارستانییە و هەژاری شتێکی بەڕێکەوت نییە بەڵکوو شتێکی زاتی و شاراوەی ناو ڕەگەزی کۆمەڵگەی شارستانییە. بەبۆچوونی هیگڵ تەنیا لەهەندێ پلەدا بەپێی ڕێژەی

گەشەی دارایی، گەشە دەکات. ئەمانە لەڕاستیدا دوو بەری هاوکێشەیەکن کە کۆیەکەیان دەکاتە سفر. هەژاریی مۆدێرنیش هاوپێیە لەگەڵ کەڵەکەبوونی پیشەییدا. هیگڵ بۆ سڕینەوەی هەژاری سێ چەشنە بژاری جێگرەوە دەخاتە بەردەست:

١. سڕینەوەی هەژاری لەڕێگەی دامەزراوە و بنکە دڵخوازانەکانەوە.
٢. سڕینەوەی هەژاری بەهۆی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سامان.
٣. سڕینەوەی هەژاری لەڕێگەی کاری گشتییەوە.

بەڵام هیگڵ خۆی هیچ ڕێگەچارەیەک ناخاتە بەردەست. ئەو بە ناهومێدانە ئاماژە بەوە دەکات کە هەژاری بە چەشنێکی تایبەت و قۆرخ لە کۆمەڵگەی شارستانیدا دەمێنێتەوە. بۆچوونەکانی هیگڵ سەبارەت بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، دەیگەیەنێتە تیۆریی چینی گشتیی برۆکراسی.

بەبۆچوونی هیگڵ، بەستراوەبوون بە چینێکەوە تاک بەگشتێکەوە دەلکێنێ و مرۆڤی بەبێچین تەنیا کەسێکی پاژەکییە و گشتی بوون لەودا نەگەیشتۆتە ئاکام. بەبۆچوونی هیگڵ سێ چین بوونیان هەیە:

١. چینی وەرزێر.
٢. چینی کاسب و پیشەوەر.
٣. چینی برۆکرات.

برۆکراتەکان چینی خزمەتگوزاری شارین. بەپێی بۆچوونی هیگڵ دەوڵەتی مۆدێرن پێویستی بە جۆرێک لە برۆکراسی هەیە کە بەڵێندەری خزمەتکردنە لە ئاراستەی بەرژەوەندییە گشتییەکاندا. هیگڵ ئاگادارە لەم مەترسییە کە تاکەکانی ئەم چینە خۆیان بە خاوەنانی دەوڵەت دەزانن. هەر لەم ڕووەوەیە کە نوێنەرایەتییەک وەک سیاستەمی ناوبژیوانیی نێوان حکوومەت و خەڵک واتە دەوڵەت و کۆمەڵگە پێشنیار دەکات. ئەگەر ئەم سیستەمە ناوبژیوانە لەئارادا نەبێت، ئیستبداد زاڵ دەبێت. بەبۆچوونی هیگڵ ئازادیی تاک دەستەبەری دابەشکردنی دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکانە. هیگڵ لەم بوارەدا خوازیاری زیادبوونی ژمارەی ڕێکخراوە خۆبەخشەکانە کە دەتوانن ئۆتۆریتەی حکوومەت بگەیەننە حاڵەتی باڵانس. لەم ڕووەوە ئەو لە پاڵ ئەوەدا کە لە دەوڵەتدا ڕۆڵێکی زاڵ بۆ برۆکراسی بە ڕەوا دەزانێ، لێشی دڕدۆنگە و بیر لە سنووردارکردنەوەی ئەو دەکاتەوە. هەر ئەم ڕوانگە هیگڵییە لە بەستێنی پلۆرالیزمدا سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت و دینیشدا ئاشکرایە. لە ڕوانگەی ئەودا هەرچەندە دەوڵەتێک تۆکمە و پوختەتر بێت، لەکاروباری ئایینیشدا ئازادیخوازترە. چونکە هیگڵ دەوڵەت بە دامەزراوێک سوزانێ کە ڕەهەندە گشتییەکانی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆیی ئاشکرا دەکات.

کاتێ تیۆری دەوڵەتی هیگڵ دەخوێنینەوە دەبێ سەرنج بدەین بەوەی لە پەرەگرافی ٢٥٨ی کتێبی بنەماکانی فەلسەفەی مافدا بەیانی کردووە ئەو دەڵێ: دەوڵەت جێ هەنگاوی خوداوەندە لە جیهاندا. مەبەستی هیگڵ ئەوە نییە کە دەوڵەت جێ هەنگاوی خوداوەندە لە جیهاندا بەڵکوو لەو باوەڕەدایە کە بوونی دەوڵەت بەشێکە لە بەرنامەی خوداوەندی، نەک تەنیا دەستکردێکی بێ ئیختیار لەلایەن مرۆڤەوە. بەگوتەیەکی تە ئاوەزمەندییەک کە بیچم بە جیهانی مرۆیی دەدات، لە دەوڵەتدا دەردەکەوێ. تیۆریی دەوڵەتی هیگڵ هیگڵ پەیوەندی هەیە بە ڕەخنەی ئەوەوە لە لیبرالیزم. ڕەخنەی لە تاکخوازیی لیبرالیزمە ئەم تاکخوازییە لیبرالییە لە ڕەخنەی هیگڵدا دوو لایەنی هەیە:

١. لایەنی یەکەم پەیوەندی بە ئامانجی تاکخوازی لە لە پەرێزکاری لە ژیان و ئازادی و خاوەندارێتی تاکییەوە هەیە. ئەم تایبەتمەندییە تەوەرەی تیۆرییەکانێ لیبرالیزمی کلاسیکە کە لەلایەن بیرمەندانێک وەک لۆک، مۆنتسکیۆ و بیرمەندە ئەمریکییەکانەوەو بڵاو کراوەتەوە.
٢. لایەنی دووهەم دەگەڕێتەوە بۆ ڕەخنەیەک کە هیگڵ لە یەکسانیی دەوڵەت و حکوومەت لە ڕوانگەی لیبرالیزمدا هەیەتی.

فەلسەفەی سیاسیی هیگڵ ڕوانینێکی تایبەتە کە لەوێدا تیۆریی لیبرالیی کلاسیک خۆی لە دەلاقەی کۆمەڵگەی شارستانییەوە ئاشکرا دەکات. بەر لەمە گوتمان کە بەبۆچوونی هیگڵ کۆمەڵگەی شارستانی دەوڵەتێکە کە وەک دەوڵەتێکی دەرەکی لەقەڵەم دەدرێت. یەگەر سەرنج بدەین بە ئاماژەکانی ئەو لە پەرەگرافی ٢٥٨دا بۆمان دەردەکەوێ کە بەگوتەی ئەوئەگەر دەوڵەت و کۆمەڵگەی شارستانی

لێک بهاڵێن، بەرژەوەندیی تاکەکانیش دەبنە دوائامانج. بەبۆچوونی ئەو دەوڵەت تەنیا ئامرازی رازیکردنی تاک بەشێوەی تایبەتی نییە بەڵکوو کریستاڵیزەی عەینی گشتێکە کە چارەنووسی مرۆیی بەیان دەکات.

دەوڵەت نیشاندەری عەینییەتی بە ئەنجام گەیشتووی ئاوەزی مرۆڤە. هەم لە روانگەی هیگڵەوە و هەم لیبرالیزمی کلاسیکەوە هەبوونی دەوڵەت شتێکی پێویستە بۆ بەرزبوونەوەی ئازادیی مرۆیی، بەڵام هەرکام لەمانە بۆچوونێکی تەواو جیاوازیان لە سەر ئازادی هەیە. بەبۆچوونی هیگڵ ئازادییەک کە لیبرالیزم بە مەبەستی پاراستن و پەرەپێدان بە شوێنیەوەیەتی تەنیا ئازادیی ئیختیار و ئازادیی ئەنجامدانی هەر کارێکە کە تاک حەزی لێیەتی، بەڵام بەڵام بەبۆچوونی هیگڵ ئازادی ئەمە نییە. ئیرادەی بەڕاستی ئازاد ئیرادەیەکی ئاوەزمەندە و دەبێ روخسارەیەکی گشتیی هەبێت. هیگڵ، لیبرالیزم بەهۆی تێڕوانیی بۆ دەوڵەت وەک تەنیا کەرەستەیەک بۆ پاراستن و پەرەپێدانی ئازادیی تاکی یان تایبەتیی تاکەکان، دەداتە بەر رەخنە. بەڕای ئەو دەوڵەت بە هیچ شێوەیەک کەرەستە نییە بەڵکوو لە خۆیدا ئامانجە. دەوڵەت شوێنی  بە ئەنجام گەیشتنی ئازادیی ئاوەزمەندانەی مرۆڤە. دەوڵەت راستییەکە کە لەوێدا تاک خاوەنی ئازادیی خۆیەتی. لەوێدا یترادەی گشتی دەگاتە ئەنجام ، بەشێوەیەک کە دەبینین روانینی ئاوەزمەندانەی هیگڵ بەڕادی پێویست مەودایەکی لەگەڵ روانینی تاکخوازانەی لیبرالیزمی رەسمیدا. بەڵام بەبۆچوونی ئەو دەوڵەتی میانەڕەو دەوڵەتێکی بەهێز و تۆکمەیە، چونکە تێرکردنی ئازادیی زەینی بەڕەوا دەزامێ و خۆی وەک پێش مەرجێک نیشان دەدات لە دەستڕاگەیشتن بە ئامانجی شارۆمەندانداا. هیگڵ بایەخێکی زۆر بۆ یەکانگیرکردنی ئیرادەی زەینی و ئیرادەی ئاوەزی دادەنێت. زۆرینەی ئەو شتانەی هیگڵ سەبارەت بە یاسا و ئۆرگانیزمی دەروونیی دەوڵەت باسیان لێوە دەکات بە مەبەستی روونکردنەوەی بابەتی یەکگرتنی بەرژەوەندییەکان و شارۆمەندان لەگەڵ ئامانجە گشتییەکانی دەوڵەتدا گەڵالي کراون.

هیگڵ دژی ناوەندگەرایی ئیدارییە. ئەو لە کتێبی (یاسای بنەڕەتیی ئاڵمان)دا رەخنە لە "ماشێنی دەوڵەتی" دەگرێت و لێرەدا لە تۆکڤیڵ نزیک دەبێتەوە. ئەو لە کتێبی بنەماکانی فەلسەفەی مافدا ئەم رەخنەیە لە ناوەندگەرایی دووپات دەکاتەوە و بەجێی ئەو کۆمپانیاکان و ئەنجومەنەکان بە شیاوی دەسەڵات دەزانی. کۆمپانیاکان و ئەنجومەنە ناوچەییەکان دەورێکی سەرەکی دەگێڕن لە رێگرتن لە گۆڕانی تاکەکان بۆ پاژگەلێکی پرش و بڵاو.

بەبۆچوونی هیگڵ جودی بەئەنجام گەیشتوویی تاکی بابەتێکی گرینگە بەڵام ماناکەی بەم شێوەیە نییە کە تاکەکان گەوهەری راستەقینەی خۆیان نەک وەک تاک بەڵکوو وەک ئەندامانی کۆمەڵێک دەستەبەر دەکەن. ئەم راڤەیە هیگڵ دەکێشێتە ناو کەناڵێکی بان تاکییەوەیە. بەم شێوەیە هیگڵ رێگەیەکی تر جگە لە هگرییەکان بۆ بەرژەوەندیخوازی دەخاتە بەردەست. ئەو چەمکێکی وەک بەختەوەریی کۆمەڵایەتی کە زۆر مەزنترە لە ئاسایشی تەنیا ژیان و خاوەندارێتی، پێشنیار دەکات.

دوائامانج لە دەوڵەتی هیگڵدا ئازادیی ئاوەزمەندانە یان ئیرادەی گشتییە کە هاوپەیوەندە لەگەڵ گشتی بوونی دیاردەناسانەی مرۆڤدا.

Rojhalat